حەسەن

بەڕۆژ ئاکرەیی



دیسان شەقام و دیسان بەفر و دیسان تەم و
هەمدیس تاریکی
دیسان هەنگاو و دیسان خەیاڵ و
دووکەڵی سیگار!
دیسان سەیرە! کە هیچ شتێک
ئیتر سەیر نییە

تۆ پێڵاوت لەپێ کردوون،
ئەو ژنەکەی،
ئەوی تریان پێنووسەکەی،
ئەمەی تریان زمانەکەی،
ئەوی تری تری تریان
(ڕێک ئەوەی «مەلا»* گوتی: ئا!... ئاماژەی دەست و
هەردوو برۆ بۆ سەرەوە) وڵاتەکەی.

تۆ بەڕێوەیت
تاکو سات و دەنگ و هێزی خۆت بفرۆشیت
بە قرووشێکی ڕەش
کە سپیترە لە تەوێڵی سەرلەبەری ئەوانی تر

مەبەستم نییە!

منیش وەک تۆم
خەریکم دەڕۆم
لەم بەفر و سەرما و تاریکییەدا و
تەم و شەقام و دووکەڵی سیگار و هەنگاوەکانت
بیبڕمەوە..

خەریکن وا نوقم دەبن
لە دێرێکدا.

ستۆکهۆڵم

*** مەلا: مەلا شوکر مستەفایە.**